سەیری نێو بەهەشتم کرد بینیم زۆربەی خەڵکەکەی لە هەژارانن، وسەیری نێو دۆزەخم کرد بینیم زۆربەی خەڵکەکەی لە ئافرەتانن

لە ئیبن عەباس وعمیرانی کوڕی حوصەینەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سەیری نێو بەهەشتم کرد بینیم زۆربەی خەڵکەکەی لە هەژارانن، وسەیری نێو دۆزەخم کرد بینیم زۆربەی خەڵکەکەی لە ئافرەتانن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە سەیری بەهەشتی کرد بینی زۆری ئەوانەی تێیدان لە هەژارانن چونکە هیچ شتێکیان نیە تووشی سنوور تێپەڕاندنیان بکات، وئەوان سادە وملکەچن بۆ فەرمانەکانی خودا، بۆیە ئەگەر سەیری ئایەتەکانی قورئان بکەین دەبینین زۆربەی ئەوانەی پێغەمبەرانیان بە درۆ دەخستەوە لە دەوڵەمەند وناوداڕەکان بوون، وهەژارەکان شوێنکەوتەی پێغەمبەران بوون؛ هەر بۆیە زۆرینەی خەڵکی بەهەشت لە هەژارانن. وفەرموودەکە مانای ئەوە نییە هەموو هەژارێک فەزڵی زیاترە لە هەموو دەوڵەمەندێک، بەڵکو مانای ئەوەیە ژمارەی هەژارەکان لە بەهەشتدا لە ژمارەی دەوڵەمەندەکان زۆرترە، وهەژاری هۆکاری ئەوە نەبوو کە بچنە بەهەشتەوە تەنها لێپرسینەوەی لەسەر کەمکردن بەڵکو ئەوە چاکەکاری خۆیان بوو، وهەژار ئەگەر چاکەکار نەبێت هیچ فەزڵێکی نییە. وهەروەها پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت سەیری دۆزەخی کرد بینی زۆربەی ئەوانەی تێیدان لە ئافرەتانن؛ وئەمیش بەهۆی ئەوەیە کە زۆر کردەوەی خراپ ئەنجامدەدەن وپەیوەستن پێیانەوە، ولەوانەش سپڵە بوون بەرامبەر مێرد وزۆر جنێودان ونەفرەت کردن وزۆر تاوانی تر، بۆیە واجبە لەسەر ئافرەتان پارێزکار بن وفەرمانەکانی خودا جێبەجێ بکەن بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لە ئاگری دۆزەخ.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3184